# هەر یەکەی بەلایەکدا...

نووسینی : Christian Böhme& Frank Herold

و. لە ئاڵمانییەوە:   هەڵۆ بەرزنجەیی

٢٠١٨/١/٣١

***ڕووسیا بۆ گفتوگۆ لەمەڕ ئایندەی سوریا داوەتی سازداوە.دوای تێکشکانی داعش،  دەتوانێ دژە بەرژەوەندییە کۆنەکان سەرلەنوێ هەڵبدەنەوە***




جارێکی دیکەش UN شکستی خوارد،کۆنفرانسی دوو ڕۆژەی سوریا لە کۆتایی هەفتەی ڕابوورد لە ڤییەنا،نەیتوانی هەنگاوێک لە چارەسەر نزیک بێتەوە.

لە ئێستادا سەرۆک پۆتین ڕۆژانی ٢٩-٢٠١٨/١/٣٠ باوەشی کردۆتەوە بۆ" کۆنگرەی گەلانی سوریا" لە سۆتچی Sotschi . لێرەوە بەشدارانی ناوەوە و دەرەوەی درامای سوریا،  دەیانەوێ هێڵە سەرەکییەکانی نەخشەی قۆناغی دوای شەڕ بکێشن. هەروەها لەمەڕ ئەم گفتوگۆیەشەوە کەلێنێک هەیە: گەورەترین گرووپی ئۆپۆزیسیۆن بەشداری تێدا ناکەن.

بۆ ڕووسیا،لەم کاتەدا هێز و لایەنە دەرەکی و بێگانەکان جێی باس و خواستە. پۆتین مانگی دێسەمبەر سەرکەوتنی بەسەر داعش دا ڕاگەیاند، لێ تێکشکانی سەربازی جیهادییەکان کۆتایی بە کێشەی ناوخۆی سووریا نەهێناوە، بەڵکو بارودۆخەکەی هێشتا ئاڵۆزتر کردووە. شەڕ لەگەڵ داعش دا، دوژمنێکی هاوبەش هەبوو، ئێستا هەموو لایەنەکانی شەڕ ـ هێزە دەرەکییەکان نا ـ سەرلەنوێ بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن، ئەو بەرژەوەندییانەی لەسەری ڕێکنەکەوتوون. لەمەشدا پێیان باشە  پەنابەرن بۆ زەبروزەنگی سەربازی.

بەم شێوەیە ماوەیەکی کورت پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، بەزم و سەرکێشییەک بۆ پۆتین هەتا سیاسەتی ناوەوەی وڵاتەکەی دێت. لە دیدی مۆسکۆوە، هەرای سوریا ئاڵۆزتر بووە، ساڵ بە شێوەی شەڕێکی ناهاوشێوە، دەستی پێکرد. هێرشی هەڕەشاوی بۆ سەر بنکەی ڕووسەکان، تەقە لە هەلیکۆپتەر و سەربازەکانی.  ئەم کارانە نیشانی دەدەن، کە پۆتین بێئومێدە لەو هەواڵەی ڕایگەیاند بوو،داخۆ شەڕ

تەشەنە دەکات، یاخود ژمارەی پەلاماردان بۆ سەر هێزەکانی زیاد دەکەن. سەرۆکی ڕووسیا دەکەوێتە دۆخێکی تەنگەتاوی و ناچارییەوە.

ئەو ـ کە وەک تاکە هێز لە سوچییە ـ پێویستی بە سەرکەوتنێکی پێشوەختە بەلانی کەمەوە لەسەر کاغەز.

گۆرانی سەرکێشییەکان، وای کردووە، بە ڕێکەوت نییە لەم ئانوساتەدا، گفتوگۆ لەسەر بە تایبەتی کردنی سوپا دەکەوێتە بەر باس . تەنیا لەمەڕ بوونییەوە بەشێکی زۆری ڕووس هیچ نازانێ سەربازە بەکرێگیراوەکانی ڕووسی، وەک یەکە ئەمەریکییە Blackwater شکستخواردووەکان وان، بەنێزیکی لە 2013 دا لە سوریا خراونەتەکارەوە، بەپێی هەواڵێکی ناڕاگەیەندراو 3000 سێ هەزار کەس دەبن.

وەزیری دەرەوە Sergej Lawrow، پێش ماوەیەکی کورت داوای کرد، بە یاساییکردنی سوپا ڕێگەی پێ بدرێ و بکرێتە فەرمی. ئەو بە ئاشکرا پێی وایە، ئەم سەربازانە لە هەرا چەکدارییەکاندا، یاخود شەڕی دیکەداا، بایەخێکی زۆر گەورە بە ئامادەگی و بەشداری رووسیا دەبەخشێت.

ئەم هێزە لەو بەشدارییەی سوریادا بایەخێکی بێ پایانی گەورەیان هەیە: ڕووسیا هێزێکی لەسەر زەمین هەیە، هەروەها بێگومان پیاو دەتوانێ لە کاتی پێویستدا خۆیانی لێ بەدوور بگرێ،ئەگەر بێت و شتێکی ناخۆش و نەخوازراو دروست بوو. سەرکێشییەکە دەبێت بە "پەنابردن بۆ سەرچاوەی دەرەکی".

دیارەیەکی نوێ هەیە. تورکیا شاڵاوی سەر کوردان دەکات، تا بتوانێ قسە و ڕۆڵێکی لە ئایندەی سوریادا هەبێت. بێگومان ئەگەر پەلامارەکەی تورکیا ناویشی "هێرشی چڵەزەیتون" بێت،وا بەهیچ جۆرێ هەڵگری ئاشتی نییە.

تورکیا بە ڕەزامەندی ڕووسیا، نائومێدانە شەڕی کورد دەکات. لەمەش زیاتر Alexander Lawrentjew نێردراوی تایبەتی پۆتین بۆ سوریا، لە ڕووی کردارییەوە چرای سەوزی هەڵکرد، کاتێ ئەو لە پێشەوە ڕایگەیاند، هێرشەکانی سوپای تورکیا کاریگەرێتییان لەسەر گفتوگۆکانی سۆتچی نابێت. رووسیا لە ناوچەکانی نزیکەشەڕ، بنکەی ڕاکێتی دژەفڕینی هەیەS400 وS300 دامەزراندووە، هیچ ڕاکێتێکی بە ڕووی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیادا نەتەقاند، سەروەختێ سنووری سەروەرێتی سووریان بەزاند و هێزە پیادەکانیشی پێش دەسپێکردنی شەڕ کێشایەوە. کاتێ دەسەڵاتداری سوریا بەشار ئەسەد بە ئاشکرا تووڕە بوو، لە هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا و وەک پێشێلکردنی سەروەری سوریا مەحکومی کرد، شتێکی زۆر سەیروسەمەرە نەبوو.

لە لایەک ئەردۆغان بە پێی ئارەزووی خۆی هەرچی بوێت دەیکات،بۆئەوەی شەڕەکەی لە دژی کورد بەڕێوەبەرێت. لە لایەکی دیکەوە سەرۆک یەکێکە لە دوژمنە باوەکوشتەکانی هاوڕێ دیمەشقییەکەی. کاتێ خۆی، کە خۆی بە ڕابەر و سەرکردەی سونییەکان دایە قەڵەم، ئەردۆغان وەک بنێشتەخۆشەی ژێر زمان، بەردەوام دووپاتی دەکردەوە ئەسەد بکوژە.

هێرشەکانی تورکیا سوود و قازانجی هەم بۆ ڕوسسیا و هەمیش بۆ سوریا هەیە: کورد لاواز دەکات و لەوێشەوە کاریگەرێتی ئەمەریکاUS لە ناوچەکەدا. بێگومان زۆر سەختە پێشوەخت ئیدی بزانرێ چی ڕوودەدات، دەبێت ئەسەد ـ بەپێی هەر کامە هەڵسەنگاندنێک بێت ـ لە ڕاستیدا بەدەنگ داواکەی کوردەوە بهاتایە و بکەوێتە ناو شەڕەوە. لە ئاکامدا ئێستا ئەندام و هاوپەیمانانی ناتۆ تورکیا و ئەمەریکا بەرامبەر بەیەک ڕاوەستاون. ئەمەریکا YPG بەپەگە دەنرخێنێ و پشتیوانیشی لێ دەکات، لەبەرئەوەی لەشەڕی

دژی "داعش"دا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، هەوروها ئەمانە دەبوو ببنە بڕبڕەی پشتی، پێکهێنانی هێزێکی 30,000 سی هەزار کەسی(هێزی پاراستنی سنوور).

دەسەڵاتداران لە ئەنقەرە و زۆر لە تورکەکان بە پێچەوانەوە دەڵێن: کورد هیچ نین جگە لە تیرۆریست، دەیانەوێ دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەمەریکا، لەسوریا تابێت دابڕاو و ڕێگەلێگیراو دەبێت و واشینتۆن بەدەنگ داخوازی تورکیاوە هاتوو و ڕایگەیاند، کە چەکی نوێ بۆ یەپەگە نانێرێ، ئایا بەڕاستی بەرژەوەندی ئەمەریکا لەسەردەمی Barak Obama دا وا تاکڕەهەند بوو، بە کەمی و لە مەودایەکی تەسک دا کاری سەربازی دەکرد. ئەمەریکا لەژێر لێوەوە ڕایگەیاند،کە چەند حەز بە کۆتایی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکەن. کارە ڕاستەقینەکان ئاڕاستەی داعشن و ئیدارەی Trump ئەم ڕێبازەی وەرگرت و دریژەی پێدا. لەتەک ئەمەشدا هەروەها هاوپەیمانێتی مەبەستدار لەگەڵ چەکدارە کوردەکان دا هەیە . بەڵام بە هەموو حاڵێک ئێستا ئەمەریکا نەیارەکەی کەمە. وەزیری بەرگری ئەمەریکا James Mattis، لەم دواییانە هۆشیاداری دا، هێرشەکانی تورکیا سەرنجمان لەسەر گرنگترینەکە لا دەبات: شەڕی دژ بە داعش. بەڵام بەلای ڕەخنەگرتن لە ئەنقەرە دا نەچوو.

لە ئێستا ئەمەریکا هیچ کاریکەرێتییەکی وای لە ناوچەکەدا نییە، لەبەر ئەوە سەرکێشییەکەیان زۆر کەمە. واشینتۆن دەتوانێ بەئارامی لە کۆنفرانسی سۆتچی بڕوانێ.

پیاو دەتوانێ لە ئێستادا بڵێ: بەشار لەم چرکە ساتەدا براوەیە. ڕاپەڕین لە دژی ئەو دەیتوانی بیڕوخێنێ، بە هەموو دڕندەییەکەوە و بە پێچەوانەی هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتی. بەلانی کەمەوە لە ڕووی سەربازییەوە وا دیارە شەڕ بە قازانجی رژێم بشکێتەوە. یاخی بووەکان ـ ئیسلامییەکان بن یاخود ئەوانەی تری ماونەتەوە جەنگاوەرانی میانڕەو- هیچیان بۆ نەماوەتەوە. دەسەڵاتدار جارێکی تر فاکتەرێکی دەسەڵاتە، ئەمە واتای ئەوەیە لە سۆتچی، لەگەڵ ئەسەد دا قسە دەکرێت نەک دەربارەی ئەو. پێش دوو ساڵ و نیو، تەنانەت خودی خۆی کە ئێستا 52 ساڵە، ئەم کارەی زۆر بە ئەستەم دادەنا. لە پاییزی 2015 دا، هەموو شتەکان وا دیاربوون، کە سەرۆکایەتییەکەی ڕاستەوخۆ لەبەردەم تەواوبووندایە. لە هەموو شوێنێ هێزەکانی سەر بە ڕژێم لە پاشەکشەدا بوون، هێزە شێڵگیرەکانی دژە ئەسەد، لە پێشرەویدا بوون.

هەتا پۆتین بە سوود و قازانجی هاوپەیمانەکەی هاتە ناوەوە. لەو دەمەوە سەرانی دیمەشق بۆیان لوا بەشێکی گەورەی وڵات بە هاوکاری بۆمبای بەرمیل، گازی ژەهراوی و گوللە بخاتەوە ژێر دەستی خۆی. بەڵێ تا ئێستا رژێم نەیتوانی هەمووی کۆنتڕۆڵ بکاتەوە. دەبێت ئێستا خۆی بگۆڕێ. پێش گفتوگۆکانی سۆتچی ئەسەد دەیویست لە مەیداندا فاکت بقولقێنێ، ئاشکرای بکات ،کەوا رژێمێکی نیمچە سەقامگیری دوای شەڕ، دژی ویست و ئیرادەیەتی. ئەوانەی ئازاردەکێشن سورییەکانن. کەوا چەند هەفتەیەک دەبێ دەسەڵاتداری زەبروزەنگ ڕێگەی داوە، هەر دەڤەرێک بۆمباران بکرێ، لەو شوێنانەی باقی ڕاپەریوەکان پەنایان بۆ بردووە. بەر لە هەمووان لە پارێزگای ئیدلیب و ناوچەی رۆژهەڵاتی غوطە لای دیمەشق، شەڕ گەرمە. لەوێ ملیۆنان خەڵکی بێ پاراستن دەژین. کێ توانای هەبێت، هەوڵ دەدات هەڵ بێت. زۆریان بۆ جاری یەکەم، دووەم، سێیەم یاخود چوارەم جار ماڵەکەیان لەدەست دەدەن. لە پێەوە ئەوانە بە گشتی بتوانن ژیانن قوتار بکەن. هەموو وا گومان دەکەن: ئەمە دوا شەڕ و پێکدادانە. هیچ کەس ناتوانێ لە ئایندەدا چیتر لە بەردەم ڕێگای ئەسەد و دڵسۆزەکانی ڕاوەستێ. بۆ ئەم شێوازە لە ئارامی گۆڕستان سوپاسی سوریا بەناو سەرۆکی دەوڵەت بەتەنیا مۆسکۆ نییە، زۆر بەتایبەتی ئێران هەر لەسەرەتاوە لە پاڵ ئەسەدە وەستا. یەکسەر پاش دەستپێکردنی هەراکە، تاران لە مەیدان دا بوو، بۆئەوەی دەسەڵاتەکەی بپارێزێ. چەک، چەکدارە شیعیی وەک حیزبوڵڵا، یەکەی ئێرانی سوپای پاسداران و

پارەیەکی زۆر ـ کۆماری ئیسلامی چەند خەرجییەکی کەوتە سەر، هەر لە پێناوی ئەوەی نەهێڵێ ئەسەد بڕووخێت و لە ڕووی سیاسییەوە خۆی تێهەڵکێش بکات. پارەی باج بە بڕی ملیاردەها ئامادە کرا، ئەوەی گەلی ئێرانی هەژاری بەتایبەتی توڕە کرد. لە دوا نائارامییەکان دا خەمگینییەکانی خۆیان دەربڕی. لێ دیسانیش ئەو کارەیان لە سوریا بۆ مەلاکان سوودی هەبوو. ئەوان دەتوانن بڕیار بدەن چی لەو وڵاتەی شەڕدا ڕوو دەدات و ئاگاداری ئەوە بن کە کاریگەرێتییان پارێزراوە.

پیاوە بەهێزە کۆن و نوێکەی دیمەشق بۆ ئەوان، وەک گەرەنتی وایە. کەوا سوریا وەک بەشێکی گرنگی ناوبراو بە هیلالی شیعە ـ زۆنێکی کاریگەری ئێرانی، کە خۆی بەسەر یەمەن،عێراق و لوبنان دا هەتا دەریای ناوەڕاست کێشاوە. پابەندبوونی دارایی و سەربازی دەبێ بدات. هەروەها بێگومان هێزە ناوچەییەکانی وەک ئیسرائیل و سعودی عەرەبی پێکەوە لەگەڵ ئەمەریکا، دەیانوێ ڕێبەندی بکەن، ئەوان زیادبوونی هەژموونی ئێران، بە هەڕەشە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانن. بەر لەهەر شوێنێ یورشەلیم بە گومانێکی گەورەوە، چاودێری دەکات، چۆن ئێران لە سوریا جێگیر خۆی دادەمەزرێنێ و قایم دەکات.

سەرەک وەزیران Benjamin Netanjahu ، کە ساڵانێکە وەک دژە تاران ناسراوە، نایەوێ بەهیچ جۆرێ ئەوە قبوڵ بکات. لەبەر ئەوە چەندین دەرزەن جار پێگەکانی حیزبوڵڵای لە وڵاتی دروایسێ(سوریا.و) بۆمباران کرد. هێزە چەکدارە خاوەن ئەزموونەکانی شیعە، وەک گەورەترین مەترسی سەربازی بۆ دەوڵەتی جولەکە دادەنرێن. هەموو جارێک ناتانیاهۆ لای پۆتین بە تکایەکی بە پەلەوە خۆی پێشکەش دەکات. ئەو حەز دەکات ئێران بگێڕێتەوە قاوغەکەی خۆی.

ئەم جیاوازییانە بەر لەهەرشتێ بە قازانجی رووسیایە، هەتا لایەنە جیاوازەکانی شەڕ یەکتر ببڕن و هەریەکەی بەلایەکدا بڕۆن، پۆتین گەمەکی سووک و ئاسانی هەیە، بۆ ئاڕاستەکردنی هەر شتێک بە دڵخوازی خۆی : تەنیا ئەوەی کەوا ڕوودەدات، ئەوەیە لەسەری ڕێک کەوتوون. مۆسکۆ ئارەزوومەندە شەڕەکەکەی سوریا لە ڕووی سەربازییەوە بڕیاریچارەسەری لەسەر بدرێ. ئایا ئەوە بۆ کرێلمن سەر دەگرێ، ئاشتی بۆ ئەو وڵاتە زوڵم لێکراوە بهێنرێ، ئەوە زیاتر جێ پرسیار و گومانە.

بەهەر هاڵ ستراتیژێکی چەسپاو و توانای ژیانی هەبێت،هەتا ئێستا بە دڵنیاییەوە نابینرێت.

^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^^

سەرنج،ئەم وتارە لە ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانسی سۆتچی دا لە ٢٠١٨/١/٢٩، دا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. بەلامەوە بابەتێکی بەپێز بوو، لێ دەموودەست دەرفەتی وەرگێرانیم بۆ ساز نەبوو.بۆیەکا دەبێت لە یەکەم چرکەساتەکانی پێش گۆنگرەی ناوبراوەوە تەماشای ناوەڕۆکی ئەم بابەتە بکرێ.دوائەوە پێشهات و ئاکامەکانی کۆنگرە بە کوێ گەیشت،ئەوە باسێکی ترە.

سەرچاوە دێر تاگە شپیگل ڕۆژی ٢٠١٨/١/٢٩